# بەنجی دڕکەپەتك لەماوەی نەشتەرگەری و لە دوای نەشتەرگەری

ئەم نامیلکەیە ڕوونی دەکاتەوە کە چاوەڕوانی چی بکەیت ئەگەر بەنجی دڕکەپەتك هەڵبژێریت بۆ کەمکردنەوەی ئازار لە کاتی نەشتەرگەریەکەت و دوای نەشتەرگەریەکەت. لەلایەن پزیشکانی بێهۆشکەر و نەخۆش و نوێنەری نەخۆشەکانەوە نووسراوە، کە پێکەوە کاردەکەن.

## پێشەکی

ئەم نامیلکەیە ڕوونکردنەوە دەدات لەسەر:

- بەنجی دڕکەپەتك چیە
- کەی بەکاردێت
- لەبەرچی سڕکردنی بڕبڕەیی دەکرێت سوودی هەبێت بۆ نەشتەرگەریەکەت
- چۆن کاردەکات و دەتوانی پێشبینی چی بکەیت
- مەترسییەکان و بڕیاردانی هاوبەش.

## بەنجی دڕکەپەتك چیە؟

بەنجکردن لەڕێگەی دڕکەپەتکەوە جۆرێکە لە بەنجی ناوچەیی کە خستنە ناوەوەی بۆڕیەکی باش و نەرم (کاثێتەر) بۆ ناو پشتت دەگرێتەوە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بەنجی ناوەکی و دەرمانی ئازارشکێنت پێ بدرێت. زۆربەی جار بۆ کەمکردنەوەی ئازاری منداڵ بوون بەکاردێت.

دەتوانرێت وەک بەنجکردن بەکاربێت لە ماوەی نەشتەرگەری (لەگەڵ یان بەبێ بەنجی گشتی) یان بۆ کۆنترۆلکردنی ئازار دوای نەشتەرگەری بەکاربێت یان بۆ هەردوو کات.

دەکرێت کاثێتەرەکە لە پشتت بمێنێتەوە لە دوای نەشتەرگەری وە دەکرێت دەرمانی ئازارشکێنی لێوە بدرێت بەشێوەی دەستی یان پەمپێکی ئۆتۆماتیک. هەندێک لە پەمپەکانی بەنجی پشت دوگمەیەکیان هەیە بۆ ئەوەی پەنجەی پێدا بنێیت تا دەرمانی ئازارشکێن بۆخۆت ڕەوانە بکەیت. ئەو پەمپانە سنووری سەلامەتییان تێدا بەرنامەڕێژ کراوە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری ئەوەی کە بڕێکی زیاد دەرمانی ئازار کەمکەرەوە بدەیتە خۆت، وە تیمی چاودێری تەندروستی ناوە ناوە سەرت لێدەدەن.

بەنجی دڕکەپەتك دەکرێ زۆر جار بە تەنها یان لەگەڵ سڕکردنی گشتی بەکاربێت بۆ جۆری جیاوازی نەشتەرگەری، بۆ نمونە نەشتەرگەری شێرپەنجە (بەتایبەتی شێرپەنجەی سییەکان) هەروەها نەشتەرگەری میزەڕۆ (بۆ نمونە، نەشتەرگەری کلیەکان و میزڵدان).

## سوودەکانی بەنجی دڕکەپەتك چین؟

بۆ هەندێك نەشتەرگەری بەنجی دڕکەپەتك ئازارشکێنی باشتر دابین دەکات لەچاو ڕێگەکانی تر، بەتایبەتی کاتێک هەناسەیەکی قووڵ دەدەیت، دەکۆکیت یان لەناو جێگاکەدا دەجوڵێیت.

شێوازەکانی تری کەمکردنەوەی ئازار دەرمانی مۆرفین یان دەرمانی هاوشێوە بەکاردەهێنن (ئۆپیۆدەکان). ئەوانە دەرمانی ئازارشکێنی بەهێزن، بەڵام دەکرێ کاریگەری لاوەکییان هەبێ بۆ نمونە دڵ تێکهەڵاتن، خەواڵوویی، قەبزی وە ئاڵودەبوون بە دەرمانەکە (ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاربێت). هەندێک کەس سەریان لێ تێکدەچێت کاتێک مۆرفین وەک ئازارشکێن بەکاردێت.

هەروەها هەندێک بەڵگە هەن کە بەکارهێنانی بەنجی دڕکەپەتك ئاڵۆزی تر لە نەشتەرگەریەکە کەم دەکاتەوە، کە کەمبوونەوەی مەترسی خوێن مەین لە قاچەکان وسییەکان، هەوکردنی سینگ، وە پێویستی بە خوێن تێکردن دەگرێتەوە.

## ئایا هەموو کەسێك دەتوانێت بەنجی دڕکەپەتکی بۆ بکرێت؟

بەنجی دڕکەپەتك تەنها بۆ چەند نەشتەرگەریەکی دیاریکراو گونجاوە، وە هەندیک نەخۆش ناکرێت بۆیان ئەنجام بدرێت. ئەگەر پێویست بوو دکتۆری سڕکەرەکەت باسی ئەم بابەتەت لەگەڵ دەکات. لەوانەیە بەنجی دڕکەپەتك بۆ تۆ شیاو نەبێت ئەگەر:

- دەرمانی ڕوونکردنەوەی خوێن دەخۆیت، وەکو وارفارین
- مەیینی خوێنت بەباشی ڕوونادات
- تۆ هەستەوەریت بە بەنجی ناوخۆیی
- شێواوییەکی بەرچاوی بڕبڕەی پشتت هەیە
- هەوکردنێک لە پشتتدا هەیە
- پێشتر نەشتەرگەریت بۆ بڕبڕەی پشتت کردووە و کانزا لەناو پشتت دانراوە.

## چۆن بەنجی دڕکەپەتك ئەنجام دەدرێت؟

دەتوانرێت بەنجی دڕکەپەتك بخرێتە ناوەوە:

- کاتێک بە تەواوی بەئاگا بیت
- لەگەڵ دەرمانی هێورکردنەوە (ئەو دەرمانانەی کە خەواڵوو و ئارامت دەکەنەوە).

دکتۆری سڕکەرەکەت ئەوەت لەگەڵ تاوتوێ دەکات کامە شێواز بۆ تۆ باشترینە. بەزۆری هەنگاوەکانی ئەنجامدانی بەنجی دڕکەپەتك ئەمانەن:

- پزیشکی بێهۆشکەر یان یاریدەدەرەکەی ئامێری چاودێری پەیوەست دەکات تا لێدانی دڵ و پەستانی خوێن و ئاستی ئۆکسجین بپێوێت، لەگەڵ بەستنی هەر ئامێرێکی تر کە پێویست بکات
- کانولایەک (دڵۆپە) دەخرێتە ناو خوێنبەرێکەوە لە قۆڵتدا بۆ پێدانی شلەمەنی
- داوات لێدەکرێت دابنیشیت یان لەسەر تەنیشت پاڵبکەویت
- تۆ یارمەتی دەدرێت بۆ چەمانەوە بۆ پێشەوە، تا ئەوەندەی دەتوانی پشتت بچەمێنیەوە - سەیری سەرەوە بکە
- پزیشکی سڕکەر پشتت پاک دەکاتەوە بە دژە میکرۆب
- دەرزییەکی بچووکی بەنجی ناوچەیی لێدەدرێت بۆ سڕکردنی پێستەکە
- دەرزییەک بەکاردێت بۆئەوەی سۆندەکە بخەنە ناو پشتت. دەرزییەکە دەردەهێنرێت، تەنها سۆندەکە لە پشتتدا دەمێنێتەوە کە بە پلاستەر جێگیر دەکرێت. ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتدا چەند هەوڵدانێك پێوست بێت
- زۆرجار سۆندەیەکی میز دادەندرێت بۆ وەرگرتنی میز لە میزڵدان کاتێک کە بەنجی دڕکەپەتك وەردەگریت. دکتۆری سڕکردنەکەت دەتوانێ قسەی زیاتر لەگەڵ بکات سەبارەت بەم بابەتە.

## هەستەکەی چۆن دەبێت؟

دەرزی بەنجی ناوچەیی بۆ پێست ئازارێکی کورتی دەبێت. پاشان هەستکردن بە پاڵنان دەبێت، بەڵام بەگشتی کاتێك دەرزی و سۆندەکە دادەندرێن هەستی لە نارەحەتی زیاتری نابێت.

ناوبەناو هەستێکی تیژ، وەک تەزووی کارەبا، هەستی پێدەکرێت. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، بە ئاشکرا بۆ پزیشکی سڕکەر دیاردەبێت، بەڵام پێویستە خۆشت پێی بڵێیت. لەوانەیە لێت بپرسن لە کوێ هەستت پێکردووە.

دوای پێدانی بەنجی ناوەکی لەڕێگەی سۆندەکەوە، وردە وردە هەستکردنێك بە گەرمی و سڕبوون گەشە دەکات. بۆ هەندێک جۆری بەنجی دڕکەپەتك، ڕەنگە هەست بە قورسایی قاچەکانت بکەیت و جووڵەکرد قورس بێت. ئەوە ئاساییە.

بە گشتی، زۆربەی خەڵک ئەم هەستانە بە ناخۆش نازانن. هەستکردن و جووڵە ئاسایی دەبێتەوە کاتێک بەنجی دڕکەپەتك دەوەستێت. لە هەندێک حاڵەتدا لەوانەیە چەند هەوڵدانێك پێویست بێت بۆ دانانی سۆندەی بەنجی دڕکەپەتك لە شوێنی خۆی.

## نۆڕینگەی هەڵسەنگاندنی بەر لە نەشتەرگەری (هەڵسەنگاندنی پێش وەخت)

ئەگەر نەشتەرگەریەکی پلان بۆ دانراوت هەیە، دەکرێت چەند هەفتەیەک یاخود چەند ڕۆژێک پێش نەشتەرگەریەکەت بانگهێشت بکرێیت بۆ نۆڕینگەی ئەنجامدانی پشکنینی پێش نەشتەرگەری. هەندێك جار، بۆ نەشتەرگەری بچووك، پەرستارێك پەیوەندیەکی تەلەفۆنی ڕێکدەخات بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکت لێ بکات.

تکایە ئەمانە لەگەڵ خۆتدا بێنە:

- لیستێك لە دەرمانەکانی ئێستات، یان دەرمانەکانت بە تەواوی پاکەتەکانیانەوە بێنە
- ئەگەر هەر دەرمانێك بەکاربهێنیت بۆ کەمکردنەوەی خەستی خوێنەکەت، ئەوا گرنگە کە دەستەی هەڵسەنگاندنی پێش وەخت ئاگاداربن و تاوتوێی بکەن ئاخۆ پێویستە بوەستیت لە بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە بەر لە نەشتەرگەریەکەت
- هەر زانیارییەک کە لەبەردەستدایە دەربارەی پشکنین و چارەسەریەکان لە نەخۆشخانەکانی دیکە کە وەرتگرتووە
- زانیاری سەبارەت بە هەر کێشەیەکی تەندروستی کە دەکرێت خۆت یاخود خانەوادەکەت لەگەڵ دەرمانی بێهۆشکردن هەتانبێت
- هەر پێوانێکی فشاری خوێن کە لەم دواییە کردبێتت.

ڕەنگە چاوت بە پزیشکی بێهۆشکردن بکەوێت لە نۆڕینگەکە. ئەگەرنا، لە نەخۆشخانە چاوت بە پزیشکی سرکەری خۆت دەکەوێت لەڕۆژی نەشتەرگەریەکەت.

## مەترسی و بڕیاردانی هاوبەش

بەنجی مۆدێرن زۆر سەلامەتە. هەندێک کاریگەری لاوەکی باو هەن لە دەرمانی بەنجکردن یان ئەو کەل و پەلانەی بەکاردێن، کە بە گشتی مەترسی جددی نین و زۆر نامێننەوە. مەترسییەکان بەپێی کەسەکان دەگۆڕێن و بەندن لەسەر شێواز و تەکنیکی بەکارهێنراوی بەنجکردنەکە.

هەندێک مەترسی باو هەن کە پەیوەندیان بە بەنجی دڕکەپەتك هەیە، وەکو:

- نزمی پەستانی خوێن
- زەحمەتی لە میز کردن
- خورشتی پێست
- دڵ تێکەڵهاتن
- سەرئێشە.

لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا بەنجی دڕکەپەتك دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە دەمار کە دەکرێت کاتی بێت یان ببێتە هەمیشەیی.

پزیشکی بێهۆشکردنەکەت باسی ئەو مەترسییانەت لەگەڵدا دەکات کە پێی وایە گرنگن بۆ تۆ. تەنها لەحاڵەتێکدا باسی مەترسییە ناباوەکانت بۆ دەکەن کە پەیوەندیداربن پێتەوە.

گەر ئارەزوو دەکەیت ووردەکاری زیاتر بخوێنیتەوە دەربارەی ئەو مەترسییانەی پەیوەندیدارن بە بەنج، تکایە بچۆرە سەر:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages

### بڕیاردانی هاوبەش

بڕیاردانی هاوبەش دڵنیایی دەدات کە تاکەکان پشتیوانی دەکرێن لە هەڵبژاردنی ئەو بڕیارانەی گونجاون بۆیان. ئەمە پرۆسەیەکی هاوبەشانەیە کە تێیدا شارەزایەکی تەندروستی پشتیوانی بۆ نەخۆشێک دەکات تا بگاتە بڕیارێک دەربارەی چارەسەرەکەی.

گفتوگۆکە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت:

- شارەزایی پزیشکەکە، وەک هەڵبژاردەی چارەسەر، بەڵگە، مەترسییەکان و سوودەکان
- ئەوەی کە نەخۆشەکە لە هەمووان باشتر دەیزانێت: خواستی خۆیان، حاڵەتی کەسی، ئامانجەکان، بەهاکان و باوەڕەکان.

زانیاری زیاتر بدۆزەوە لە: www.england.nhs.uk/personalisedcare/shared-decision-making

ئەمانە چەند کەرەستەیەکن کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت تاکو زۆرترین سوود لە گفتوگۆکانت وەربگریت لەگەڵ پزیشکی بێهۆشکردنەکەت یان ستافی هەڵسەنگاندنی پێش نەشتەرگەری:

هەڵبژاردنی پێکهاتەی وایسلی یوکەی بران

ئەمە وەک وەبیرهێنانەوەیەک بەکاربهێنە بۆ پرسیارکردن دەربارەی چارەسەر.

https://bit.ly/CWUK_leaflet

خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی سێ پرسیار دەکات

لەوانەیە چەند هەڵبژاردەیەک هەبێت دەربارەی چاودێری تەندروستیت.

https://bit.ly/NHS_A3Qs

ناوەندی چاودێری پێش نەشتەرگەری (CPOC)

ناوەندی چاودێری پێش نەشتەرگەری وێنەی جوڵاوی بەرهەمهێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیاردانی هاوبەش.

www.cpoc.org.uk/shared-decision-making)

## ئەو پرسیارانەی کە ڕەنگە حەزبکەیت بیانپرسیت

ئەگەر پرسیارت هەبوو دەربارەی دەرمانی بەنجەکەت، بینووسەرەوە (دەتوانیت ئەم نموونانەی خوارەوە بەکاربهێنیت و تێبینی خۆتی بۆ زیاد بکەیت لە بۆشاییەکانی خوارەوە). ئەگەر بتەوێ قسە لەگەڵ پزیشکی بەنج بکەی پێش ڕۆژی نەشتەرگەریەکەت، ئەوا پەیوەندی بە تیمی هەڵسەنگاندنی پێش نەشتەرگەری بکە کە دەکرێت بتوانن پەیوەندی تەلەفۆنیت بۆ ڕێکبخەن لەگەڵ پزیشکێکی بەنجکردن یان بتوانی چاوت پێی بکەوێت لە نۆرینگە.

1. **بۆچی پێشنیاری بەنجی دڕکەپەتك بۆ من دەکەیت؟**
2. **سوود و زیانەکانی بەنجی دڕکەپەتك بۆ من چین؟**
3. **ئەی جێگرەوەکان چین؟**

### ڕاگەیاندنی یاسایی

بارەیەوە بدەین .ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن .باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنێك بەکار بێنن .ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت .نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت .بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەك لێرە (www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی ›وەرگێڕانی بێسنوور‹ ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە ڕووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێڕ

## پێمان بڵێ کە ڕای تۆ چیە

ئەگەر هەر سەرنجێکی گشتیت هەیە تکایە بە ئیمێڵ بۆمان بنێرە بۆ: patientinformation@rcoa.ac.uk

**کۆلێژی شاهانەی پزیشکانی بەنج**

چەرچڵ هاوس، 35 گۆرەپانی شێری سوور، لەندەن WC1R 4SG

02070921500

**www.rcoa.ac.uk**

## چاپی شەشەم، حوزەیرانی 2023

ئەم نامیلکەیە پاش بەرواری چاپکردن و دەرچوونی، لە ماوەی سێ ساڵدا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

**Royal College of Anaesthetists 2023 ©**

دەکرێت ئەم نامیلکەیە لەبەربگیرێتەوە بۆ مەبەستی دروستکردنی بڵاوکراوەی زانیاریی نەخۆش. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە ڕەسەنە بدە. ئەگەر دەتەوێت بەشێک لەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەیەکی تردا بەکاربهێنیت، پێویستە دانپێدانانی گونجاو بدرێت، و لۆگۆ و براند و وێنە و وێنۆچکەکان لاببرێن. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.